## هونەرمەند گولێ:

# هونەری کوردی کاریگەریی گەلانی دەوروبەری بەسەرەوەیە

سازدانی: هەژار زەنگەنە

**زۆرێك لەهونەرمەندانی کورد و بەتایبەتیش هونەرمەندانی باکووری کوردستان لە ئەوروپا ژیان بەسەردەبن و خزمەت بەهونەری کوردی دەگەیەنن، هونەرمەند گولێش یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە لەساڵی ١٩٩٤ـەوە لە ئەوروپا دەژییێت و خزمەتی هونـەری کوردی دەکات، ناوبـراو توانیویەتی بەدەنگە خۆشـەکەی خۆی جێگەی خۆی لەناو دڵی جەماوەر بکاتەوە، بۆیە بۆ زانینی دوایین زانیاری و چالاکییەکانی دەربارەی هونەرمەند گولێ ئێمە وەکو گۆڤاری گوڵان پرسیارمان ئاراستەی کردو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**



*** ماوەیەکـە بزریت، هۆکارەکەی چییە؟**

-بەر لە ماوەیەك من لەناو هەستێکی دایکایەتی دەژیام، هەستێك کە بە قـەد موزیك خۆشـە، بێگومان ئەو هەستە خۆشـە و پیرۆزە، بەڵام ئەو هەسـتە خۆشەش لەگەڵ خـۆی زەحمەتی و بەرپرسـیاریەتی دیاریـش دەهێنێت، مـن ناچار بووم لەبەر کوڕی خۆم (میران) ماوەیەك لەبەرنامەکان دوور بکەومەوە، بەڵام لەموزیك دوورنەکەوتوومەتـەوە، من بـەو لاواندنەوەی کە بۆمنداڵەکـەم دەمگـوت رێـگای موزیکم بەردەوامی پێدەدات.

***گولی لەکوێ لەدایکبووەو کەی دەسـتی بە گۆرانی وتن کردووە؟**

-مـن رۆژی یەکەمـی جەژنـی قوربان لەسەرمایەکی بەسەهەندی وەرزی زستان لەقەزای خنوسی سەر بە شاری ئەرزەرۆم لەدایکبوومە، کاتێك من دەستم بەقسە کردن کردووە و ئەوکات دەستم بەکاری هونەری کردووە، چونکە ئەوەی دێتە بیرم هەرچی کەوتبا دەسـتم وەکو مایکرۆفون بەکارم

دەهێناو بەدەستێکیش دەستماڵم دەهەژاند.

*** بەبۆچوونی تۆ بۆئەوەی هونەرمەند پێشبکەوێ ( دەنگ - تێکست -موزیکی ) کامەیان گرنگترە بۆهونەرمەند؟**

- لە بنەڕەتدا هەمووی تەواوکەری یەکترن، ئەگەر ریزیان بکەم دەڵێم(دەنگ -موزیك - تێکست).

*** ئائێستا کێ هاریکاریت دەکات لەبواری هونەری دا؟**

-کوڕی ئوندەر دینیز زۆر هاریکاری کردووم، تەمەنی لەمن بچووکترە و شارەزایی زۆری هەیە لەهونەر، لە تەمەنی منداڵیدا من زۆر حەزی موزیکم بە ئەو پارڤە دەکرد. گۆرانیم پێ دەدا بۆ لەبەرکردن، ئێستاش ئەو وەك مامۆستای منە، جگە لە لەئوندەر لەماڵباتماندا خوشکی گەورەم میدیا و کاك عیرفان کەسکین هاریکارییان کردووەمە، دوایی ئەوە من ژیانی هاوسەریم پێکهێنا ئەو هاریکارییانە لەلایەن هاوسەرەکەم بەردەوام بووە.

*** جگە لە تۆ لەناو ماڵباتەکەی ئێوە کەسی تر هەیە کاری هونەری ئەنجام بدات؟**

- بەڵێ، کوڕی برام ئوندەر دینیز و خوشکی گەورەم میدیا بەکاری هونەری خەریکن.

***خەون و ئاواتەکانت چین؟**

- لە دڵەوە هیوادارم و دەمەوێ هەموو شەڕەکان کۆتاییان پێ بێت.

*** لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا ئەگەر ئافرەت بیەوێت دەست بەکاری هونەری بکات تووشی ئاستەنگ دێت، ئایا تۆش تووشی هیچ ئاستەنگێك هاتووی؟**

- نەخێر، سەرەڕای ئەوەی هەرێمی سەرحەد بەستوریێ کە کۆمەڵگەیەکی داخراو و کۆنە پەرستە، ماڵباتی ئێمە رووناکبیر و پێشەنگ و خۆشبین بوون، ئەوەش بۆمن شانس بوو کە ریگەیان لێ نەگرتم و هەمیشە پشتگیریان لێ دەکردم. بۆیە دەبێت هونەرمەندی ژن هەمیشە هەوڵ بدات بۆ چاکسازیکردنی کۆمەڵگەی داخراو.

*** بەڕای تۆ هونەرمەندی کورد دەتوانێت بێ پشتگیری لایەنێك خۆی پێش بخات؟**

- بەڵێ، ناتوانێت بەهونەرەکەی، بەڵکو دەتوانێت بەپشتگیری پارتێك یان لایەنێك خۆی بهێنێتە رۆژەڤەوە، بەڵام لەجیاتی ئەمە با هونەرەکەی خۆی پێش بخات پێشکەوتن زیاتر واتا و مانا دەدات، بەڵکو دەبێت هەر هونەرمەندێك خاوەن رامانێکی سیاسی بێت، بەڵام هونەرمەند راستەوخۆ خۆی زۆر تێکەڵ بەسیاسەت نەکات.

*** هونەری کوردی لە هەرچوار پارچەی کوردستان لەچ ئاستێك دایە؟**

- لەو هەرێمانەی کورد لێی دەژین موزیك و زمانی کوردی، کاریگەری زمانی گەلانی تری پێوە دیارە، بۆ نموونە لە عێراق موزیکی عەرەبی کاریگەریی لەموزیکی کوردی کردووە، لەگەڵ ئەوەش لە ئێران کاریگەریی زمانی فارسی لەسەر موزیکی کوردی دیارە، دیسان لە تورکیاش کاریگەری زمانی تورکی هەروەها لەتورکیاش دەبینین کاریگەری زمان و موزیکی ئەورووپی لەسەر موزیکی تورکی هەیە، واتە کاریگەری موزیکی گەلانی دەورووبەری کورد کاریان لە موزیکی کورد کردووە.

موزیکی کوردی لەرێڕەوی خۆی دوورکەوتووەتەوە، لەبەر ئەوەی هەستێکی هونەری و پەروەردەیی موزیکی کوردی فلکلۆری بەشێوەیەك کە گرنگی پێ بدرێت کەمە و ئەوەی دەبینین بۆ لایەنی ئابووری گرنگی بەموزیکی کوردی دەدرێت.

*** چ هونەرمەندێك زۆر کاریگەری بەسەر تۆوە هەبووە؟**

-من زیاتر داغبارم بەهونەرمەندی وەکو(شڤان پەروەر و ونیزامەتین ئاریچ و هۆزان سەرهات و عایشە شان.

*** دواین پرۆژەی هونەریت چییە؟**

- ئەگەر دەرفەت هەبێ بیرم لە دروستکردنی ئەلبومێك کردۆتەوە و لەلایەکی دیکەوە بۆ کۆرۆی منداڵانیش کە من مامۆستایانم، دوو پرۆژەی کلیپن.









# تەلار هیرانی ..، هەموو شتێک لە پێناو وروژاندندا

حیدەر عەبدولڕەحمان

ئەکتەرەکان ئاستی داهێنان و شکستیان لە بەرهەمێکەوە بۆ بەرهەمێکی تر دەگۆڕێت، بۆیە ناکرێت تۆ هەڵسەنگاندنت بۆ ئەکتەر لەسەر کەسایەتی ئەکتەرێك بێت کەبە ئەکتەرێکی سەرکەوتوو ناوزەد کراوە یا ئەکتەرێکی تر بە فاشیل، بەڵکو دەبێت لەسەر بەرهەم بێت چونکە هەر بەرهەمەو کێش و سەنگی خۆی هەیە، ڕەنگە لە هەلو مەرجێکی دیاریکراودا کۆمەڵێ فاکتەری یاریدەدەر هەبن بۆ سەرکەوتنی بەرهەمێك، کە ئەو فاکتەرانە لە بەرهەمێکی دیکەدا نەبن، وەك نواندن لە سەر دەستی دەرهێنەرێکی بەتوانا، یا تێکستێکی سەرکەوتوو کە ئاوێتەی دەرهاوێشتەکانی سەردەم و کۆمەڵگا بێت، یا کەشو هەواو باری دەروونی ئەکتەر، یا هەر هۆکارێکی دیکە کە زۆر جاران بە ڕێکەوت دروست دەبن و ڕەنگە کەم ڕێ بکەوێت جارێکی دیکە بڕەخسێتەوە، زۆر جاران هەندێ بەرهەمی سەرکەوتوو دەبنە مۆرك و ناونیشانی ئەکتەرێك کە ڕەنگە بە ئاسانی لە هزرو خەیاڵی بینەردا کاڵ نەبنەوە، تا داهێنانێکی گەورەتر لەوەی یەکەمیان بە دەست نەهێنێ، بۆیە ئەو خاڵی داهێنانە لەبەرهەمێکی سەرکەوتوودا دەبێتە پێوەرو لەهەر بەرهەمێکی دیکەدا ئەو ئەکتەرە ببینێ ئەو خاڵی داهێنانەی بە بیردا دێتەوەو بەراوردی پێ دەکاتەوە، وەك بەراوردی شانۆیی (مەرگ و کچ ) لە گەڵ ژنەکەی ئەو ماڵە کە . بێگومان مەبەستم لە قەدگرتن نییە بە ستایلێکی دیاریکراو، یا پەیوەست بوون بە دەرهێنەرێك، چونکە گۆڕینی ستایل و شێوە و دەرهێنەر کاری ئەکتەری سەرکەوتووە، بەڵکو مەبەستم لە دەسەڵاتی ئەکتەرو تێپەڕاندنی توانایەتی .

تەلار لەو میلۆدرامایەدا پاڵەوانێکی لیبۆکە زێتر لەوەی ئەکتەرێکی شانۆیی بێت، ئەگەرچی لیبۆکەکانیش ئەکتەری کۆمیدین، بەڵام بە شێوازێکی تایبەت کە ئامانجی سەرەکییان دروست کردنی کۆمیدیایە، چ لە نواندن دا چ لە شێوەو جلو بەرگدا، دیارە کە جیاوازییەکی زۆریش هەیە لە نێوان کۆمیدیای شانۆیی و کۆمیدیای لێبۆکەکان، لە ڕووی بزووتنەوەو ئەداو دەنگ و دیالۆگەوە، بۆیە زۆر جاران کە هەموو ئامانجەکان لە شانۆدا دەڕژێنە نێو فەلسەفەی تەنیا بەپێکەنین هێنانی سواو دەڵێن ئەم ئەکتەرە ئەکتەری کۆمێدیا نییە بەڵکو لیبۆکە . من وای دەبینم کە چەند ئەوەندەی بۆ لیبۆکێك سەخت بێت ببێتە ئەکتەرێکی شانۆیی دروست، لە هەمان کاتیشدا بۆ ئەکتەرێکی شانۆییش سەخت و دژوار بێت ببێت بە لیبۆك، مەبەستم ئەوەیە خۆ لێدانی

تەلار لە بوونە لیبۆك ڕەنگە ئەزموونێکی ئاسان نەبووبێت، چونکە ئەو ستایل و ئەزموونە لە شانۆی ئێمەدا کەم پیادە کراوە. لە هەموو حاڵەتێکدا دەبێت ئەو ئەزموونەی تەلار وەك خۆی تەماشا بکەین کە هەیە و بپرسین ئایا تەلار توانی ببێت بە لێبوکێکی سەرکەوتوو ؟

بەر لەوەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە هەندێ ئامانج هەبوون لە پاڵ هەڵبژاردنی ئەو تێکستە، یاخود شێلانی تێکستەکە بۆ دروست کردنی ئەو فۆرمە خوازراوەی ئێمە بینیمان لەوانە :

١. ختووکەدانی بینەر بە بەکارهێنانی هەندێ دەستەواژەو دیالۆگی سێکسی بەئامانجی وروژاندن،کە ڕەنگە بۆ بینەرێك کە کەپتی سێکسی هەبێت، بەشێوازێك لە شێوازەکان ببێتە هۆکار بۆ وروژاندن و بەجێ هێشتنی کاریگەری دەروونی .

٢. خۆ ڕووتکرنەوەی هەندێ ئەندامی جەستەی ئەکتەر بە دروستکردنی هەندێ دیمەنی سێکسی و لە پێناو هەمان ئامانج دیسان سەرچاوەیەکی دیکەبوون بۆ وروژاندن،

٣. هەوڵدان بۆ شەرم شکاندنی بینەر بەرامبەر بەو شەختە کۆمەڵایەتیانەی کە ڕووی ڕاستی ئارەزووەکانی دەشارنەوە و گەڕانەوە بۆ هەقیقەتە مرۆییەکان، لە ڕێگەی وروژاندنی پرسیاری ڕاستەخۆ لە بینەرو بە قسەهێنانی ..

٤. بەپێکەنین هێنانی بینەر بەشێوەو دیالۆگ و مکیاج .

٥. هەوڵدان بۆ بەشداری پێکردنی بینەرو ئاوێتە بوونی بەشانۆ وەك ئەکتەرێکی شانۆیی و دروست کردنی پرسیارێك کەوا لە بینەر بکات ببێ بەشێك لەشانۆگەرییەکە.

بەڵام تا چەند ئەو ئامانجانە کە تەلار کاری بۆیان کرد چوونە نێو چوارچێوەیەکی هونەری ؟ چەندیش چێژێکی ڕۆحییان بە بینەر بەخشی؟ بەشێوەیەك کە لە هۆڵەکەدا هاتە دەرەوە یا کاتێ شەو سەری خستە سەر سەرینەکەی کام لە دیمەنەکانی بە مێشکدا رابووردنەوە ؟ ڕەنگە ئێستاش دوای تێپەڕ بوونی چەند ساڵێك مەستی مەرگ و کچ بەری نەدابم . بەڵام هەر ئەوەندە دیمەن و چێژی نمایشی ژنەکەی ئەو ماڵە لە مێشکمدا مابوو تا لە دەرگای دەرەوەی هۆڵەکە چوومە دەرەوە ...

ئەو پرسیانەی تەلار بە شێوەیەك بینەری دووچاری تەنگەتاوی دەکرد، کە کرۆکی شانۆگەرییەکەو چێژی شانۆیی لە بیر بچێتەوە، یا کارێك بکات ریتمی شانۆگەرییەکە لە هزری بینەردا دابەزێنێ و جڵەوی خەیاڵی خۆی و جەمالیەتی شانۆگەرییەکەی لە خەیاڵدا بسڕێتەوە، من پێم وایە زۆر قسە هەبوون دەبوایە بە زمانی ئەدای شانۆیی و هێمای شانۆیی بەرجەستە کرابوونایە، ئەوەندەی تەلار پەنای بۆ دیالۆگی وروژێنەر دەبرد، ئەوەندە پەنای بۆ ئەداو بەرجەستەی جەستەیی نەبرد، ئەو کەمتر توانی زمانی جەستە بەکار بێنێ، بەقەد ئەوەندەی ویستی کەبتی سێکسی بینەر قۆرخ بکات، بەڵام ئایا ئەگەر ئەو دیالۆگ و نمایشە لە لایەن ئەکتەرێکی پیاوەوە بکرابوایە هەمان ئاستی دەبوو؟ ئێمەی بینەر بۆیە هاتبووینە شانۆگەرییەکە تا نواندنێکی هونەری ببینین، لە بری ختۆکە دانی بینەر .


تەلار وەك نواندن بە کەرەستە هونەری و جەستەییەکانی خۆیەوە کەمتر دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو جیاوازی لە نێوان لیبۆکەکەو ژنەکەدا دروست بکات، هەموو پەنا بردنێکی تەنیا بە لووتە سوورەکەوە بوو، کە نەیدەتوانی ببێتە فاکتەرێکی جوداکاری لە نێوان ئەو دوو کەسایەتییەوە. بۆیە بینەر کەمتر دەیتوانی ئەو دوو کەسایەتیە لێکتر جودا بکاتەوە، وێڕای لاوازی لە دەنگ و بەجێ نەهێشتنی مەودای بێدەنگی و چێژ وەرگرتن لە کشوماتی ..لەو بەینەدا دەسەڵات پێشکانی ئەکتەرو زاڵ بوونی بەسەر توانستەکانی دەردەکەوێت،ئەگەر ئەکتەرێکی بەتوانا بێت، من لە گەشتەکەی حەسەندا زۆر سەرسام بووم بە کامەران ڕەئووف کە لە شانۆگەرییەکەداو لە یەك کاتتدا دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو پێنج کەسایەتی بەیەکەوە نمایش بکات و بۆ هەر کەسایەتیەکیش ڕەسمی خۆی بکێشێ و هەر یەکێکیشیان جیاواز لەوی تریان، بەڵام بێ ئەوەی هەموو ئەو کەسایەتییە جیاوازانە ئاستی نواندنی کامەران وەك ئەکتەر دابەزێنن ..

تەلار وەك ئەکتەر توانستی خۆی هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە دەرهێنەر چۆن دەتوانێت تەوزیفی ئەو توانست و جەستەیە بکات کە ئەکتەر هەیەتی، ئەو لەلای دەرهێنەرێکی وەك د. فازڵ لە مەرگ و کچ دا ئەکتەرێکی تر بوو، لە ژنی ئەو ماڵەش شتێکی ترە، مەبەستیشم لە گۆڕینی کەسایەتی و ستایل و شێوازی شانۆگەرییەکە نییە، بەڵکو مەبەستم لە توانست و ئەدای ئەکتەریی ئەوە، کە تێیدا دوچاری جۆرێك لە دابەزین هات بەپێچەوانەی چاوەڕوانی زۆرێك لەو بینەرانەی هێشتا کاریگەرییەکانی شانۆگەری مەرگ و کچیان لە مێشکدا هەر مابوو .

خۆ ئەگەرچی ناوێکی زلی دەرهێنان ( کارین باریستراند ) بە شانۆگەرییەکەوە نووساوە، کە جۆرێك لە ریکلامی شانۆیی دەنوێنێ، ئەگەرنا لە ڕووی دەرهێنانەوە شانۆگەرییەکە سادەیی و ڕووکەشییەکی زۆری پێوە دیارە و دەرهێنەر نەیتوانیوە وەك پێویست توانـاو وزە هونەرییەکانی تەلار قۆرخ بکات، کە زۆر لەوەندە زێترە کە بینیمان، کەواتە من وای بۆ دەچم کە ئەو دەرهێنەرە زێدەکارییەکی نەخستۆتە سەر هونەری تەلار بە قەد ئەوەندەی کەمی کردۆتەوە .

نەك هەر لە ڕووی دەرهێنانەوە بگرە لە ڕووی تێکستیشەوە تەلار پرسێکی گشتی هەڵبژاردووە (خیانەتی هاوسەران ) لە کاتێکا ئەو جۆرە کێشە کۆمەڵایەتیە شتێکی باوو سواوە لە هەموو کۆمەڵگاکانی دنیادا هەیە و پانتاییەکی ئێجگار فراوان لە ژیانی کۆمەڵگاکاندا داگیر دەکات، ئەوەی کە هونەرە ئەوەیە کە ئێمە چی لە ناو ئەو هەزاران کوێرە گرێیانەی ناو خیانەتدا هەڵبژێرین کە دوور بێت لە خیتابیەت و بە زمانی هونەر بەرجەستە بکرێت، دوورلە زمانی هونەریش هێز زمانێکی دیکەی ئەو کاریگەرییەی لە شانۆدا نابێت بۆ گەیاندنی پرسێك، ئەوەتا لەو بەینەدا پرسیارێك ڕوو بە ڕووی بینەر دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە ئایا دوور لە لایەنە هونەرییەکان پرسی خیانەت هیچ کاریگەرییەکی جێهێشت لە هزرو دەروونی بینەردا،یان هەر تەنیا پرسێکی راگوزارو کاتی بوون و هیچ شوێنەوارێکی دەروونییان بەجێ نەهێشت لای بینەر؟ بۆیە من پێم وایە پرسە سێکسیەکە وای کردبوو پرسە بنەڕەتیەکەشی شاردبۆوە.





# زنجیرە فیلمی بەڵگەنامەیی «ئێرە تایلەندە» ئامادەی نمایشە

زنجیـــرە فیلمی بەڵگەنامەیـــی «ئێرە تایلەندە» لە وێنەگرتـــن و دەرهێنانی هونەرمەندی ســـینەماکار «بێهروز ئەسراری» و لە ئامادەکردنی «کەریم بەختیاری» ئامادەی نمایشە.

فیلمی بەڵگەنامەیی تەلەفیزیۆنی «ئێرە تایلەندە» لە وێنەگرتن و دەرهێنانی «بێهروز ئەسراری» و لە ئامادەکردن، نووسین، پێشکەشکاریی و خوێندنەوەی «کەریم بەختیاری» کە لە ٤ ئەڵقەی ٤٠ خولەکی پێکهاتووە و لە ماوەی ١٥ رۆژ لـــە وڵاتی تایلەند وێنەی گیراوە، لە دوای تەواوبوونی کارەکانی دۆبلاژکردنی، قۆناغەکانی دەنگدانان و موزیك و مۆنتاژ کۆتایی پێهات و ئامادەی نمایشە.

ئەم زنجیرە فیلمە بەڵگەنامەییە لەســـەر داوای کەناڵی ئاسمانیی Kurdistan TV و بە کوردی ئامادە و دابەش کراوە و بە ماندوبوونێکی زۆری گرووپی ئامادەکار هاتۆتە بەرهەم، کە بەم زووانە لە کەناڵی ئاسمانیی کوردستان تی ڤی نمایش دەکرێت.

ســـتافی ئامادەکاری زنجیرە فیلمی بەڵگەنامەیی «ئێرە تایلەندە» لە ماوەی ئەو ١٥ رۆژەدا کە لە وڵاتی تایلەند بوونە، زۆربەی شوێنە گرنگەکانی ئەو وڵاتەیان بەسەر کردەوە و وێنەیان لێگرتوون.

جیـــاوازی ئەم زنجیرە فیلمە بەڵگەنامەییە بەنیســـبەت زنجیرە فیلمی بەڵگەنامەیی «ئێرە ئافریقایە» کایەی پێشکەشـــکاری بەرنامەیە لەگەڵ ئاژەڵ و بوونەوەرەکانی وەکو مار، دولفین، شێر، مەیموون و تیمساح کە سەرنجڕاکێشە.



# دوای ١٤ ساڵ، کازم ساهیر بە نوێنەرایەتی یونیسێف دەگەڕێتەوە عێراق



رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان (یونیســـێف) رایگەیاند کە هونەرمەندی گەورەی عێراقی کازم ســـاهیری هەڵبژاردووە وەك باڵیۆزی نیپازپاکی لە عێراق و، بۆ ئەمەش دووشـــەممە ٩ی ئەم مانگە ســـاهیر و رێکخراوی ناوبراو لە بەغدا پرۆتۆکۆلی ئەم نازناوە وەك یەکەم کەس لە عێراق مۆرکرا.

ئیســـکەندەر خان نوێنەری یونیســـێفە لە عێراق لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی کەلەگەڵ ســـاهیر لە بەغدای پایتەختی عێراق سازکرا بوو رایگەیاند: رێکخراوەکەیان بڕیاریدا ئەم نازناوە ببەخشێتە کازم دوای ئەوەی دڵنیابوو کە لەتواناییدا هەیە ببێتە هۆکارێکی گەورە بۆ باشترکردنی باری گوزەرانی منداڵانی عێراق.

ســـاهیر بە کراسێکی شـــین ئارمی رێکخراوەکەی بەسەرەوە بوو هاتە ناو هۆڵی کۆنگرەکەوە کە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە ناوچەی سەوز لە بەغدا رێکخرابوو، بەچەپڵەی رۆژنامەنووس و ئامادەبووان پێشوازی کرا.

شڵەژاوی و شەیدایی کازم بۆ ئەم هاتنەوەی بۆ عێراق بە رواڵەتییەوە دیار بوو، چونکە لە ساڵی ١٩٩٧ز، وڵات بەجێ دەهێڵی و نەگەڕاوەتەوە عێراق، بۆیە لەدەستپێکی وتەکانیدا وتی: زۆر بیرم ئەکردن، و تیشی: خۆشحاڵم دووای ئەو هەموو ســـاڵە بەنوێنەرایەتی یونیســـێف و بە خزمەتکردن بە منداڵانـــی وڵاتەکەم گەڕاومەتەوە.

ســـاهیر نەیتوانی لەوشەکانیشیدا ئەو شەیداییە بشـــارێتەوە، بۆیە چەندین جار لە کۆنگرەکەدا ئەو رستەیەی دوبارە دەکردەوە (گەڕانەوەکەم هەســـتێکە ناتوانم وەسفی بکەم) وتیشـــی: نەمتوانی چاوەڕێ بکەم تاوەکو فڕۆکەکە بنیشێتەوە تاوەکو بزانم بەغدا چۆنە، هەر لە ئاسماندا چاوم فڕیبوو، لە گەڕەکەکانی بەغدا ورد دەبوومەوە.

لەوەڵامی پرســـیارێکدا کە ئایا بۆچـــی ئەو هەڵبژێردراوە و، کەســـێکی بەناوبانگی تر لەناو عێراق هەڵنەبژێردراوە ساهیر وتی: دڵی ئێمە بۆ ساتێکیش عێراقی جێ نەهێشتووە. وتیشی: زۆرجار لەوانەیە لەدەرەوەی وڵات بتوانی باشتر خزمەتی وڵاتەکەت بکەیت، ئەو پەیامەی چەند ساڵە بۆ عێراقی هەڵدەگرم لە رێگەی هونەرەکەمەوە ئەگەر لەوڵات بومایە ئاوا بەباشـــی نەدەگەیشـــت، هەر بۆیە ئەو هەموو ساڵە چاوەڕێم کـــردووە، دووری خۆم لە وڵاتەکەم کرد بەقوربانی خەڵك و خاکەکەی، چونکە خزمەتکردنەکەم لە چوونەوەم بەپێویستتر دانابوو، ئێستەش بەکارێکی هونەری نەگەڕاومەتەوە، بۆخزمەتی عێراق لێرەم.

هـــەردوو فیلمی (پەڕینەوە لە غوبار) و (شـــوێنییێك بۆ یاری- KICK OFF) دوو کاری ســـەرکەوتووی ســـینەماکاری کوردی (شـــەوکەت ئەمین کورك)ین و بەرهەمی حکومەتی کوردســـتانن، هەڵبەت بەر لەم دوو کارە کاری دیکەیشی هەبوو، یەکەمیان بەناوی کوردســـتانەوە بەشـــداری لە چەندین فیستیڤاڵی جیهانیدا کردووە، لە هەمان کاتدا ژمارەیەك خەڵاتی جیاجیای بەدەستهێناوە و دەنگ و ســـەدایەکی زۆری هەبوو لە میدیا جیهانییەکان، ئەمەش ئەنجامی گرنگی پێدانی حکومەتی هەرێمە بە هونەری ســـینەما و ئەرك و ماندوبوونی دەرهێنەر و گشت ستافی فیلمەکەیە.

فیلمی دووەمیش (شوێنییێك بۆ یاری- KICK OFF) لە ڕێوڕەسمی کۆتایی چاردەیەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی پووسان لە کۆریای باشوور خەڵاتی ٣٠ هەزار دۆلاری بەشی «ڕێڕەوە نوێیەکان» بەدەستهێنا.

هەروەها لە چواردەیەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی پووسان زیاتر لە ١٧٣ هەزار و ٥٠٠ کەس لە وڵاتی کۆریای باشوور بۆ بینینی فیلمەکان دانیشتن، ٢٢٠٠ کەس لەوانە ٣٧٠ پەیامنێری بیانی هەواڵەکان و ڕووداوەکانیان لە راگەیاندنەکانی جیهان بڵاوکردەوە. لەم فیستیڤاڵەدا بە گشتی ٣٥٥ فیلم نمایش کران و سینەماکانی ئەم فیستیڤاڵە زیاتر لە ٨٠٠ جار میوانداری هۆگرانی سینەما بوون بەشێوەیەکی گشتی بەشداری لە چەندین فیستیڤاڵی جیهانیدا کردووە و نزیکەی ٢٠ خەڵاتی جیاجیای بەدەستهێناوە.

بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری کارەکانی داهاتووی (شـــەوکەت ئەمین) بین لە پێوەندییەکدا ڕووبەڕووی چەند پرســـیارێکمان کردەوە کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.

## شەوکەت ئەمین:

# سەرەڕای ئاستەنگەکان هەر پێویستمان بە سینەمای کوردییە



*** دوای فیلمی (شوێنێك بۆ یاری) ئێستا چی نوێت هەیە؟**

- بێگومان دەرهێنەر هەمیشـــە بیر لە شتی نوێ دەکاتەوە، منیش ئێستا ســـەرقاڵی کارێکی دیکەی نوێم کە هاوبەشـــە لەگـــەڵ چەند وڵاتێك، ئێســـتا لە قۆناغی خۆ ئامـــادە کردنداین و پەنا بە خـــوا دوای ماوەیەکی دیکـــە دەکەوینە کار و ئەوکات وردەکارییەکانی بڵاودەکەینەوە، بەڵام ئێســـتا خەریکی نووســـینەوەی سیناریۆی فیلمەکەمم.

***(پەڕینەوە لە غوبار) و (شوێنێك بۆ یاری- KICK OFF) دوو فیلمی سەرکەوتوو بوون، خاڵە لاواز و بەهێزەکانی ئەم دوو فیلمە چین و چ جیاوازییەك لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت؟**

- سەبارەت بەم پرسیارە پێویستە رای خەڵکی تر وەربگیرێت و کەسانی تایبەتمەند و پسپۆر لەو بوارە هەڵســـەنگاندنی بۆ بکەن، سینەما خۆی کارێکی پڕ زەحمەتە و پێویســـتە دەرهێنەر و ســـتافەکە بە گشتی هەمـــوو هێز و تواناکانی خۆیانی بۆ تەرخان بکەن بۆ ئەوەی فیلمێکی ســـەرکەوتوو پێشـــکەش بکەن، لە نووسین و تەکنیك و کوالیتییەکەی لە ئاســـتێکدا بێت کە لەسەر ئاستی جیهانی وەك فیلمێکی سینەمایی قبووڵ بکرێت.

*** دوای ئەو ســـەرکەوتنە بەرچاوەی کـــە فیلمی (پەڕینەوە لە غوبار) بە دەســـتی هێنا، تۆ خۆت هیـــچ پێوەرێکی تایبەت بە خۆت دانا بۆ ئەوەی کارەکانی دواترت ئەگەر باشتریش نەبن لە ئاستی ئەو فیلمەدا بن؟**

-پێموایـــە ئـــەم پرســـیارەش پێویســـتە ڕەخنەگران و ئێـــوەی ڕۆژنامەنووس وەڵامی بدەنەوە و بەدواداچوونی لەســـەر بکەن، بەڵام

ئەوەی بـــەلای منەوە گرنگە کـــە ئێمە فیلمێکی بازرگانـــی بەرهەم ناهێنین، بـــەلای منەوە بابەتی فیلمەکە زۆر گرنگە بۆیە دوای فیلمی (پەرینەوە لە غوبار) فیلمی (شـــوێنێك بۆ یاری) بەرهەمهێنا لـــە یاریـــگای کەرکوك بۆ مـــن زۆر گرنگ بوو بـــاس لە نەهامەتییەکانی ئەو خەڵکەی لە کەرکوك دەژین باس بکەم و بیکەم بە فیلمێکی ســـینەمایی گرنـــگ، هەر بۆیەش کاتێـــك چیرۆکی فیلمەکەم نووسی لەگەڵ کەسایەتی چەند وڵاتێك بەتایبەتی ژاپۆن باســـمان کرد و ئەوانیش کە ئـــاگادار بوون فیلمەکە دەربارەی کێشەیەکی مرۆڤایەتییە و ئێستا لە واقیعی ئەوە وڵاتـــەدا بوونی هەیە گرنگیان بە بابەتەکە دا، بۆیە دوای تەواوبوونیشـــی بە هەمان شـــێوەی گرنگییان پێدا بەوەی هەوڵیاندا بۆ ئەوەی لە فیستیڤاڵە ســـینەماییە نێودەوڵەتیەکان بەشداری بکات.

*** لە گشت ئەو فیستیڤاڵانەی بەشداریت کرد، بێگومان لیژنەی هەڵسەنگاند راو سەرنجی خۆیان هەیـــە، گرنگترین ئەو رەخنانـــەی لە ئێوە دەگیران ســـەبارەت بە فیلمەکە بوون زیاتـــر لە چ بوارێکدا بوون؟**

-زۆر شت دەربارەی ئەم دوو فیلمە وترا و نووسرا لـــە میدیاکانی کوردســـتانی و عەرەبی و تەنانەت جیهانیش، بەڵام شتی گرنگ لەم دوو فیلمە ئەوەیە کـــە چیرۆکی واقیعیـــن و هەردووکیان وەك فیلمی دیکیۆمنتارین، هەروەهـــا باس لە چیرۆکی ژیانی راســـتەقینەی کوردســـتان و عێراق دەکەن، ئەمەش سەرنجیانی راکێشـــا کە دەبینن ئەم فیلمە هەندێك راستی کۆمەڵگەی کوردی و بارودۆخی دوای شەڕ و گەنجانـــی نەوەی نوێ نیشـــان دەدات، هەروەها لە تەکنیکی فیلمیش ســـەرنجیانی راکێشـــا کاتێك دەیانبینی زۆر لـــە واقیعەوە نزیکە وەك فیلمەکانی نیو ریالســـتی ئیتاڵی، بەشێوەیەکی گشتی ئەمانە گرنگترین خاڵ بوون کە گفتوگۆیان لەسەر دەکرد.

*** پێتوایە تاکەی سینەمای کورد لەو بارودۆخەی ئێستایدا دەمێنێتەوە؟**

- ئەمە پرســـیارێکی گرنگە و بە ئاسانی وەڵام نادرێتـــەوە، ئەو کارانەی ســـینەماکارانی کورد تا ئێستا کردوویانە و بەردەوامن کاری گرنگن و لەسەر ئاســـتێکی بەرفراوان لە جیهان هاتوونەتە ناساندن، بەڵام پێویســـتە کار بۆ دامەزراندنی سینەمایەکی ناوخـــۆ و نەتەوەیـــی بکرێت بەجۆرێـــك بە هەموو توانایـــەك هەوڵ بدرێت کە فیلمی کوردی تەنیا لە دەرەوە و لە فیستیڤاڵەکاندا نمایش نەکرێت و خەڵات بەدەســـت بهێنێت، بەڵکو پێویســـتە لەسەر ئاستی ناوخۆش نمایش بکرێ و جەمـــاوەر بیبینێت، بۆیە ســـتراتیژیەتی دامەزراندنی سینەمایەکی نەتەوەیی شتێکی زۆر گرنگە و دەبێ لەبەر چاو بگیرێت.

***گرفتەکانی بەردەم هاتنە کایەی سینەمایەکی نەتەوەیی چین؟**

- بێگومـــان ئەو گرفت و ئاســـتەنگانە زۆرن، لەوانە و لە هەموویشـــیان گرنگتر دروســـتکردنی هۆڵی نمایشی ســـینەماییە کە بەشێکی سەرەکییە لەو ســـتراتیژیەتە، چونکە ئێمە لە کوردستان تەنیا ژمارەیەکـــی کەم لـــە هۆڵی ســـینەمامان هەیە، نمایشکردنی فیلمی سینەمایی کارێکی زەحمەتە، بەرهەمهێنانی فیلمیش بە هەمان شێوە.

هەروەها دەمەوێ ئاماژە بە شتێکی دیکەش بکەم ئەویش ئەوەیە کە بەرهەمهێنانی فیلم و هاوکاری کردنی بەشێوەیەکی ناپرۆفیشناڵ بەڕێوە دەچێـــت، ئەمەش پێویســـتی بە رێکخستنێکی بەهێز هەیە بۆ هێنانەدی ســـینەمایەکی ناوخـــۆی نەتەوەیی بۆ ئـــەوەی ســـینەما ببێت بـــە کەلتوور نەك تەنیـــا بۆ کۆمەڵە کەســـێك یان دەرهێنەرێك کە فیلمێکی ئاســـت بەرز بەرهـــەم دەهێنێت، بەڵکـــو بۆ خەڵك بە گشـــتی، چونکە خەڵکیش حەز دەکات ئەم فیلمانە ببینێت و لە هەمان کاتدا لە هۆڵەکانی سینەمای کوردستان دابنیشێت و سەیری فیلمی بیانی بکات.

بەشـــێوەیەکی گشـــتی گرفـــت و ئاستەنگەکان زۆرن و نەبوونی هۆڵی سینەما خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە گەورەترین گرفتەکان بۆ دامەزراندنی سینەمای نەتەوەیی، بەڕای من ســـەرەڕای ئەو ئاســـتەنگە زۆرانەی کە بەردەوام هەن، بەڵام پێویســـتە هەوڵ بدەین بۆ هێنانە کایەی سینەمای نەتەوەیی.

*** ئێســـتا بەشی ســـینەما لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان هەیە، پێتوایە دەرچووانی ئەم بەشە دەتوانن خزمەت بە سینەمای کوردی بگەیەنن و ئەو پەیامە بگەیەنن کە لە سەر شانیانە؟**

- ئەمەش پرسیارێکی گشتییە و وەڵامدانەوەی ئەوەندە ئاســـان نییە، چونکە وەك پێشـــتر ئاماژەم پێکـــرد پێویســـتە کاری زۆر بکرێـــت بـــۆ بواری ســـینەما، بەشێوەیەکی گشـــتی ئەمەش کارێکی زۆر زەحمەتـــە و ماندووبوونێکـــی زۆری دەوێـــت، بەشـــی ســـینەما ماوەی ٨ ســـاڵە کراوەتەوە و تا ئێســـتا زۆر کاری ئەنجامداوە، بەڵام بەشێوەیەکی سیســـتەماتیك و زانســـتی نەبوون و دەتوانین بڵێین زیاتر کاری تەجریبی بووە، لێرەوە دووبارەی دەکەمەوە پێویستە سیستەمێکی پرۆفیشـــناڵ بێتە ئاراوە بۆ بەرهەمهێنان و لە هەمـــان کاتدا بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم فیلمانە، گشـــت بەڕێوەبەرایەتییەکانی سینەما دەتوانن رۆڵێکی ئەکتیف ببینن لەم مەســـەلەیەدا، هەروەها پێویســـتە کۆنگرە و کۆنفرانس ببەســـتن و کەسانی پسپۆر و شـــارەزا ئامادەی بن و بیرورای دەرهێنەرانی کوردی و بیانییەکان وەربگرن.

